IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
Kurdistan-Hawler

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

No: ٨٤
Date: ٢٠١٤/٥/١١

ژمارە: ٧
بەروار: ٢٠١٤/٥/٧

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پرۆژە یاسای ( بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستانی – عێرق )**

بەڕێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین پرۆژە یاسای (**بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستانی – عێرق** ) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێتو پەرلەمان پەسەندی بکات.

لەگەڵ ڕێزدا...

**هاوپێچ:-**

**لەگەڵ دەقی پرۆژە یاساکە**

| واژۆ | ناوی پەرلەمانتار | ژمارە |
|---|---|---|
| | عبیر عثمان علی | -١ |
| | بەهار محمود صالح | -٢ |
| | نالف مصطفى رسول | -٣ |
| | رابون توفیق معروف | -٤ |
| | عەلی حەمە صالح | -٥ |
| | برزو مجید عبدالله | -٦ |
| | | |
| | انور قادر مصطفى | -٧ |
| | برزا محمود کمال | -٨ |
| | ئومێد حەمە عەلی | -٩ |
| | زولفا محمود عبدالله | -١٠ |
| | ژوان علی | -١١ |
| | عادل عزیز | -١٢ |
| | حسن صالح | -١٣ |
| | | -١٤ |
| | | -١٥ |
| | | -١٦ |
| | | -١٧ |
| | | -١٨ |
| | | -١٩ |
| | | -٢٠ |
| | | -٢١ |
| | | -٢٢ |
| | | -23 |
| | | -٢٤ |
| | | -٢٥ |
| | | 26 |
| | | 27 |
| | | 28 |
| | | 29 |
| | | 30 |
| | | 31 |
| | | 32 |
| | | 33 |

## دەروازەی یەکەم

## حوکمە گشتییەکان

## بەشی یەکەم: پێناسەکان

**ماددەی (١)**

مەبەست لەم زاراوەو گوزارشتانەی دادێن، ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم/ هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق.

**دووەم/ دەستە:** دەستەی دەستپاکی لەهەرێمدا.

**سێهەم/ فەرمانبەری گشتی:** هەرکەسێك پۆستێك وەربگرێت لەدەسەلاتی یاسادانان یان جێبەجێکردن یاخود دادوەری بەدامەزراندن بێت یان بەهەڵبژاردن هەمیشەیی بێت یاخود کاتی بەرامبەر بەکرێیەك یان بەبێ کرێ، زاراوەی فەرمانبەری گشتی هەریەکە لە کارمەندی فیعلی و راسپێردراو بە خزمەتی گشتی دەگرێتەوە.

**چوارەم/ فەرمانبەری گشتی بیانی:** هەر کەسێك پۆستێك وەربگرێت لەدەسەلاتی یاسادانان یان جێبەجێکردن یاخود دادوەری بە دامەزراندن بێت یان بەهەڵبژاردنی لە وڵاتێکی بیانی یاخود لەبەرژەوەندی دامەزراوەیەکی بیانیدا کاربکات جا کەسەکە عێراقی یان بیانی بێتو وەزیفەیەکی لەهەرێمدا هەبێت.

**پێنجەم/ فەرمانبەری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان:** مەبەست لەهەموو ئەو کەسانەیە لەناو هەرێمدا کار بۆ دامەزراوەیەك یان رێکخراوێکی نێودەوڵەتی حکومی یان ناحکومی دەکەن.

**شەشەم/ رێککەوتن:** رێککەوتنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لەساڵی ٢٠٠٤دا.

**حەوتەم/ نووسینگە:** نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

**هەشتەم/ تاوانەکانی گەندەڵی:** ئەو هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە کە لە بەشی دووەم – دەروازەی یەکەم- ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**نۆیەم/ دەرەوەی هەرێم:** ناوچەکانی تری عێراقو دەوڵەتانی بیانی دەگرێتەوە.

## بەشی دووەم

## تاوانەکانی گەندەڵی

**ماددەی ( ٢ )**

تاوانەکانی گەندەڵی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**یەکەم:** ئەو تاوانانەی رەوتی دادپەروەریی لەکەداردەکەن.

**دووەم:** ئەو تاوانانەی ئەرکەکانی وەزیفە لەکەدار دەکەن.

**سێیەم:** ساختەکاریی‌و یاریکردن بە زیادکردن‌و کەمکردنەوەکانەوە.

**چوارەم:** تاوانەکانی (غسیل الاموال).

**پێنجەم:** ئەو تاوانانەی زیان بە ئابووری نیشتمانی‌و متمانەی دارایی دەوڵەت دەگەیەنن.

**شەشەم:** بەستنی گرێبەست لەناو هەرێمدا یان لەدەرەوەیدا لەلایەن هەر فەرمانبەرێکەوە یان کەسێکەوە کە بۆ خزمەتی گشتی راسپێردرابێت یان لەلایەن دامەزراوەیەکی فەرمی یان نیمچە فەرمییەوە بێت ئەگەر گرێبەستەکە پێچەوانەی یاسا بێت یان ئاشکرا نەکردنی ناوەرۆکی گرێبەستەکە بۆ لایەنە تایبەتمەندەکان.

**حەوتەم:** ئەو تاوانانەی زیان بەمتمانەی گشتی دەگەیەنێت ئەگەر لەسەردەستی فەرمانبەرێك یان ئەو کەسەوە رووبدات کە بۆ خزمەتی گشتی راسپێردراوە لەکاتی بەجێگەیاندنی وەزیفەکەیدا یان بەهۆیەوە.

**هەشتەم:** هەر رەفتارو کردەوەیەك لەلایەن هەر کەسێکەوە ئەنجام بدرێت فەرمانبەر بێت یان کەسێکی ئاسایی کە ببێتەهۆی نەرەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هاوڵاتیاندا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بەهۆی ئینتمای سیاسی یان ئایینی یان رەگەزیی.

**نۆیەم:** هەر هەوڵێك بۆ کڕین یان بۆ کاریگەریدانان لەسەر دەنگی دەنگدەران لەرێگەی بەکارهێنانی سامانی گشتییەوە یان بەکارهێنانی پۆستو پلەو پایەی گشتی لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی‌و پەرلەمان‌و خۆجێیی‌و هەموو رێکخراوەو سەندیکاکاندا.

**دەیەم:** تاوانەکانی قاچاخی گومرگی.

**یانزەیەم:** هەر تاوانێکی تر کە یاسایەکی تر یان رێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی دەقنووسی کردووەو پەیوەندیدارە بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و ڕەتکردنەوەی مافێك وە بە ڕەواداناني كارێكی نایاسایی.

## بەشی سێهەم
## هەواڵدان

**ماددەی (٣)**

أ- هەرکەسێك دەرکی بەتاوانێك لەتاوانەکانی گەندەڵی کردو پێی زانی یاخود زانیاریی‌و بەڵگەنامەی لەبارەوە هەبوو پێویستە بە نووسینگەکانی رابگەیەنێت.

ب- هەرکەسێك بەو ئەرکە هەڵنەستا کە لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە بۆ ماوەیەك بەند دەکرێت کە لە ساڵێك کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٤)**

پێویستە لەسەر دەستە لەلای خۆیەوە لێکۆڵینەوە لەبەڵگەکان‌و ئەو زانیاریانە بکات کە پەیوەستن بەتاوانەکانی گەندەڵییەوەو لەمیدیاکاندا بڵاوکراونەتەوە یان ئەو راپۆرتانەی کە نا فەرمین.

**ماددەی (٥)**

پێویستە لەسەر دیوانی چاودێریی دارایی هەموو ئەو راپۆرتانە پێشکەش بەدەستە بکات کە لەبارەی پرسی گەندەڵییەوە بەدەستیگەیشتووە.

**ماددەی (٦)**

خۆدزینەوە لەئاست ئەو ئەرکانەی لەماددەکانی چوارەم‌و پێنجەمدا هاتوون بەئامانجی شاردنەوەی تاوانەکەو کاریگەریدانان لەسەر رەوتی دادپەروەریی بەتاوانەکانی گەندەڵی ئەژماردەکرێت.

**ماددەی (٧)**

- ئەو کەسەی هەواڵەکە لەبارەی تاوانەکانی گەندەڵییەوە دەگەیەنێت پێویستە ناسنامەکەی لەلایەن دەستە یان نووسینگەو دادگاوە بەنهێنی بهێڵرێتەوەو کەشف نەکرێت تەنانەت دوای دەرچوونی حوکمێکی بنبڕیش.

ب- ئەو کەسەی هەواڵەکە لەبارەی تاوانی گەندەڵییەوە دەگەیەنێت، جگە لەلایەنە رەسمییەکان، لەلایەن دادوەرەوە لە کۆی بڕی ئەو ماڵەی کە تاوانە گەندەڵیەکەی بەسەرەوە کراوە پاداشت دەکرێت. وەزارەتی دارایی هەڵدەستێت بە پێدانی ئەم پاداشتە.

ج- ئەو کەسەی هەواڵی درۆو نادروست لەبارەی تاوانێك لەتاوانەکانی گەندەڵییەوە بگەیەنێت بۆ ماوەیەك بەنددەکرێت کە لەشەش مانگ زیاتر نەبێت یان بەغەرامەیەك یان بەهەردووکیان سزادەدرێت.

**ماددەی (٨)**

بە بارێکی سوککار (ظرف مخفف) دادەنرێت هەر کەسێك هەستێت بە ئەنجامدانی تاوانێك لە تاوانەکانی گەندەڵی ئەگەر بەر لەتەواوکردنی تاوانەکە یان پێش ئەوەی دەسەڵاتەکان بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە بارەی تاوانەکەوە بکەن، دەسەڵاتی گشتی لێئاگاداربکاتەوە.

**ماددەی (٩)**

سەبارەت بە سزاکان کە پەیوەندییان بەتاوانەکانی دەروازەی یەکەم- بەشی دووەمەوە هەیە. دەگەڕێینەوە بۆ یاساکانی سزادانی کارپێکراوو سزا بڕیارلەسەردراوەکان لەیاسا تایبەتیەکاندا.

**ماددەی (١٠)**

أ- ئەو کەسەی هەر تاوانێکی لەتاوانەکانی گەندەڵی ئەنجامداوە لانی زۆری ئەو سزایە دەدرێت کە بەیاسا دەقنووسکراوە.

ب- کەسی هاوبەش وەك کەسی بکەری تاوانی گەندەڵی سزادەدرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەمای کەساندنی دادوەریی (التفرید القضائي)

**ماددەی (١١)**

بەسەرچوونی داوای سزایی بەهۆی مردنەوە نابێتە ڕێگرێك لەبەردەم گێڕانەوەی ئەو موڵك و ماڵەی کە تاوانی گەندەڵییەکەی بەسەرەوە کراوە بۆ گەنجینەی گشتی، پێویستە لەسەر دادگا فەرمان لەمبارەیەوە دەربکات لە هەمان ئەو بڕیارەی کە دەردەچێت لەسەر تاوانەکە.

## دەروازەی دووەم

## بەشی یەکەم:

## نوسینگەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

**ماددەی (١٢): پێکهێنانی نووسینگەکان**

أ- لەسەنتەری هەر پارێزگایەکدا نووسینگەیەك بەناوی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" پێکدەهێنرێت.

ب- نووسینگە سەر بەدەستەی باڵای نەزاهە دەبێت.

**ماددەی (١٣): ئەرك و فەرمانی نووسینگە**

أ- نووسینگە هەڵدەستێت بە پشکنین لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە جێگەی شك و گومانە لە تاوانەکانی گەندەڵی و بەڵگە لەوبارەیەوە کۆدەکاتەوە.

ب- نووسینگە ئەو هەواڵانە وەردەگرێت کە پەیوەندییان بەتاوانەکانی گەندەڵییەوە هەیە و ڕەوانەی

دەستەیان بكات.

ج- نووسینگە مەلەفێك بۆ ئەو تەبلیغاتانە دەكاتەوە كەپەیوەندییان بە تاوانەكانی گەندەڵیو ئەو تاوانانەی گەندەڵییەوە هەیە كە بەشێوەیەكی خۆڕسكانە لێكۆڵینەوەیان لەبارەوە كراوە.

د- نووسینگە ئەو بەڵگەو زانیاریانە تاووتوێ دەكات كە لەلای هەن بەرلەوەی رەوانەی دەستەیان بكات.

هـ- نووسینگە هاوكاریو هەماهەنگی لەگەڵ دەستەكانی جێبەجێكردنی تردا دەكات لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا.

و- پێویستە نووسینگە هەماهەنگی لەگەڵ رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو ناوەندەكانی توێژینەوەو زانكۆكاندا بكات بەئامانجی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری لەبارەی تاوانەكانی گەندەڵییەوە.

ی- نووسینگە راپۆرتی مانگانە لەبارەی كاروبارەكانییەوە ئاراستەی دەستە دەكات.

## بەشی دووەم:

## پێكهاتەی نوسینگەكان

**ماددەی (١٤)**

دەستە رێنماییەكانی تایبەت بەپێكهێنانی نووسینگەكان و پێكهاتەی كارگێڕییانو چۆنێتی هەڵبژاردنی سەرۆكی نووسینگەو ئەندامەكانی دەردەكات.

**ماددەی (١٥)**

دەستە نووسینگەكانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەقەزاو ناحیەكان دەكاتەوە ئەویش لەسەر بنەمای پێشنیاری نووسینگەكانی پارێزگاكان.

## دەروازەی سێیەم

## حوكمەكانی كۆتایی

**ماددەی (١٦)**

ئەو سوودو زیادەیەی دەچێتە سەر ئەو ماڵو موڵكەی كە تاوانی گەندەڵیەكەی بەسەرەوە كراوە بەر لەوەی یەكلابێتەوە بەموڵكو ماڵی گشتی دادەنرێتو ناكرێت مامەڵەی پێوەبكرێت.

**ماددەی (١٧)**

أ- ئەم یاسایە بەسەر هەموو ئەو هەڵسوكەوتانەدا پیادەدەكرێت كە تاوانێك لەتاوانەكانی گەندەڵی پێكدەهێنن و هەموو ئەو رێگرییانە هەڵدەوەشێنێتەوە كە لەیاسا تایبەتییەكاندا هاتوونو دەبنەهۆی گوێنەگرتن لەداوا، بەكاروبارەكانی سیادەشەوە.

ب- دەبێت دەست بەرێکارییەکانی لێکۆڵینەوە بکرێت بەرلەوەی مۆڵەت لەو لایەنە وەربگیرێت کە تۆمەتباری بۆ دەگەڕێتەوە بەمەرجێك لەگەڵ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکە ئەو لایەنە ئاگاداربکرێتەوە.

**ماددەی (١٨)**

أ- ئەم یاسایە لەهەرێمدا بەسەر تاوانەکانی گەندەڵیدا پیادەدەکرێت ئەگەر هەمووی یان بەشێکی تاوانەکە ئەنجامدرابێت، یاخود ئەگەر شوێنی تاوانەکە لەناو هەرێمدا بێت بەڵام تاوانەکە لەدەرەوەی هەرێمدا روویدابێت، یاخود تاوانەکە لەناو هەرێمدا روویدابێت بەڵام شوێنی تاوانەکە لەدەرەوەی هەرێمدا روویدابێت.

ب- ئەم یاسایە بەسەر ئەنجامدەرانی تاوانی گەندەڵیی نیشتمانی بێت یان بیانی پیادەدەکرێت جا دانیشتووی ناو هەرێم یان دەرەوەی هەرێم بێت.

ج- دادوەریی نیشتمانی لەهەرێمدا مافی پسپۆڕیی نیشتمانی سەراپاگیرانەی دەبێت بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (١٩)**

دەستە هاوکاریی‌و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکان‌و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان‌و دامەزراوە فیدرالییە تایبەتمەندەکاندا دەکات لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا.

**ماددەی (٢٠)**

دەستەو نووسینگەکان مافی ئەوەیان هەیە داوا لەفەرمانگە فەرمیی‌و نیمچە فەرمیی‌و کۆمەڵەکان‌و دامەزراوەکان‌و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت‌و پارتە سیاسییەکان‌و کەسەکان بکەن کەروونکردنەوەو بەڵگەنامەو ئەو دۆکیۆمێنتانە پێشکەش بکەن کە لەبەردەستیاندایە ئەگەر ئەو دۆکیۆمێنت‌و بەڵگەنامانە بۆ گەیشتن بەراستی پێویستبوون.

**ماددەی (٢١)**

پێویستە لەسەر هەموو دام‌ودەزگا حکومییەکان لەهەرێمدا ئەو بارگرانی‌و کۆسپانە لەبەردەم دەستەو نووسینگەکاندا نەهێڵن بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٢٢)**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٢٣)**

دەستە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٢٤)**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)ـەوە جێبەجێدەکرێت.

## هۆکارەکانی دەرچوون

بەمەبەستی پاراستنی سامانی نیشتمانیو ڕێگەگرتن لەبەفیڕۆدانیماڵو موڵکی گشتیو بۆ خستنەگەڕی هەموو توانا داراییو مرۆییەکان لەپێناو خزمەتکردنو پێشخستنی کۆمەڵگەو دورستکردنی بەربەست لەبەردەم ئەوانەی سامانی نیشتمانیان بەلاوە بێ بەهایەو لەپێناو بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتیو ڕەخسانی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هەموو هاوڵاتیاندا بۆ ئەوەی مافەکانیان دەستەبەربکەنو بەرەو پیادەکردنی بنەمای شەفافیەت هەنگاوبنێن لەبەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومەتداو پارێزگاریکردن لە پیرۆزیی خزمەتی گشتیو دوورکەوتنەوە لەدیاردەکانی مەحسوبیەتو واسیتەکردنو لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەکۆمەڵگەدا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

---

* ئارام جەمال سابیر (بەڕێوەبەری پرۆژە[1])

* ئەندامانی لیژنەی ڕاوێژکاری یاسایی (پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– KIE) لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

— دەرون عەبدولکەریم (سەرپەرشتیاری لیژنە)

— ڕواء خەلیل (بڕیاردەی لیژنە)

— ئاوات محمد کەریم (ئەندامی لیژنە)

— شەهێن کەمال (ئەندامی لیژنە)

— هێمن عومەر عەبدوڵڵا (ئەندامی لیژنە)

— ساوێن عیرفان (ئەندامی لیژنە)

[1] "پرۆژەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیانو پەرلەمانی کوردستان" کە لەلایەن ڕێکخراوی NEDی ئەمریکییەوە هاوکاری دەکرێت